# باران

هۆشەنگ شێخ محەمەد
هەولێر 2005/8/8

بارانێکە لە عەشق ئەچێ..
لە چاوانت ، لە مردن و فەنا ئەچێ..
بارانێکە .. تۆ بەمن و من بە عومر و ..
مەرگ بە ئا زادی و
هەمووشمان بە پیربوون تێکەل ئەکا

بارانێکە تەڕ تەڕ .. وەك سۆمای سووتاوت .. بەرئەبێتە هەور و
وەك وەنەوشە ئەبارێتە سەر هەرێمی عەشق و نەمان..
بارانێکە وەکو راڤەی ئاسمان .. ئایەتێك لە بخور
شەتحە ئەداتە رۆشنایی رۆح..

باران رۆحە.. ئەیەوێ لەجەستەی هەورەکان جیابێتەوە..
باران هەتاوی خەیالێکە.. هەمیشە نامەی کورت ئەنووسێ
باران مەرگی فڕینی دلۆپێکە .. لە تەنیایی
باران بە ئاوبوونی هەناسەیەکە لە گزنگدان

باران لە گەوزینی رۆژگار ئەچێ لە شەڕەکاندا
باران پیریی من و تۆیە..
رشانەوەی ترێیە بەسەر مێودا ..
شەڕابێکە .. شەڕی بە مێوژبوونی دونیات بۆ باس ئەکا

باران ترسی شەڕەکانە لە کۆتایی..
ترسی دونیایە لە خۆی

باران قەفەسێکە ئاوسە بە فڕین
فڕینێکە .. بحالە .. بە زنجیر

باران .. باران، منه لەشەڕێکی بیٚ کۆتادا
لەگەل ئاو و بەفر و تۆزی هەبوون

باران تۆیت، بە عەشقێکەوە دەستی شکاوی جەستە و عاتیفە ئەگری..
باران، بەختەوەرییە لەگەل هەموو حوزنێکدا ئەبارێتە سەر خەراباتی روناکی
باران ، چرایەکە .. سووتا بۆ تاریکی..
باران تاریکییەکە شەیدا بە ناخی خۆی

باران و باران و باران..
دەبباره .. وەکو غەزەب عەشق بکە دەستمەوە
وەکو خوا .. دڵم پڕکە لە شمشێری حەز..
وەکو شەیتان رۆحم پڕکە لە یاخیبوون

یاخی لە تۆ .. لە چەقۆیە تەڕەکانت و
گوڵە شل شلەکانت،
لە کەلەپچە هەوراوییەکانت و بروسکە رۆشنەکانت

تۆ تاریکترین قەترەی خۆتم پیٚ ببەخشە،
من بۆت ئەبمە دەریاترین ئافەریدە
تۆخراپترین گۆرانی خۆتم پێشکەش کە..
من لە زوڵماتی تۆ ئەمویٚ دونیا بە رووناکی ببینم
باران .. تۆ ببە بە من، بە چاوی من لە کاتی شەڕەکاندا،

* * * * * * *

باران ئەبێتە .. چیرۆکی ژنە خەمگینەکان..
ژنە خەمگینەکانی .. پیاوە خەمگینەکان..
ژنە خەمگینەکانی پیاوەخەمگینەکانی شارە خەمگینەکان..
ژنە خەمگینەکانی پیاوە خەمگینەکانی .. شارە خەمگینەکانی وڵاتێکی خەمگین،

باران چیرۆکی خەمگینی هەموومانە..
هەمووومان بە خەمگینییەوە سەیری بارانە خەمگینەکان ئەکەین
کە ئەبارنە سەر کێڵگە خەمگینەکانی گیان

ئای باران .. چەند لە خەمی من و ژن و دایکم ئەچیت
چەند لە خەمی باوك و براکانم و ئامۆزاکانم ئەچی..

ئای باران چەند لە زیبا ئەچیت.. کە خۆی و خەونەکانی شەلاّلی ئاگرێکی خەمگین ئەبن..
ئای زیبا ئەو ئاگرە پێی وتم.. چەندی حەز ئەکرد باران بوایە.. کاتیێ تۆی ماچ ئەکرد..
بارانیش پێی ویتم .. چەند خۆزگە خوازبوو لەم تەمموزە گەرمەدا رێی کەوتبا ماڵتانەوە..
ئای زیبا .. زیبای باران .. بارانیش لە تۆ ئەچیێ..
لە خەمەکانی تۆ و گڕی پرچ و سینەت.
بارانیش وەك تۆ. تەنها ئەڕژێتەوە رەحمی نەمان و لە هەڵم بووندا .. بۆ دواجار بیێ ماڵئاوا .. سەر ئەکا بە مەرگدا..
ئای زیبا .. تۆ چیرۆکی کچە خەمگینەکانی.. خەمگینترین کۆلاّنەکانی ئەم وجودەیت
تۆ خەمگینترین ناوی سەر کێڵگەکانی ئەم گۆرستانەیت
ئای چبکەم بۆ تەقویمێك بارانێکم بداتیێ، وەك چاوەکانت لە گەشانەوەدا
کوا سعاتێك .. میلەکانی بارانێکم بۆ ببارێنن .. چرك ..چرك.. شل شل بمکا بە یەك تاڵە موی برژانگێکی نەسووتاوت.
ئای زیبا، باران لە تۆ ئەکات، لە من ئەکات.. لە هەموو چیرۆکە خەمگینەکانی کۆلاّنەکەماندا .. بە ئاگر بەرئەبێتە خەونەکانی تۆ و بە شعریش ئەڕژێتە ناو قەهرەکانی من.
بە حوزنەوە ئەڕژێتە ناو ئەشقەکانمان و ، بە عەزابیشەوە ئەرژێتە سەر مردنەکانمان.
ئای باران .. ئای زیبا .. ئای عەشق و فەنابوون.

* * * * * * *

ئەڕژێینەوە سەر بارانێك لە خۆم خەمگینتر و لە تۆ سووتاوتر..
بارانێك .. کە ئشتیای غوربەت لە خوێنیدا کەف ئەکات
بارانێك .. کە مەراقی غەریبی و کۆچ لە رۆحیدا سەمایەتی
بارانێك.. تەنك تەنك ئەبێتە هەور و تۆزی عەدەم بەسەر رۆحدا پەخش ئەکات
بارانێك لە بیێ رەحمی ئەچێت..
وەك بیێ رەحمی .. پیریی.. لەگەل ئەسپ و مرۆڤەکان
بیێ رەحمی تەمەن .. لە پەپوولە

بارانێك لە ئاگری خەونە سووتاوەکانی تۆ ئەچێت..
لە هەموو شتێکی ناخۆش ئەچێت..

بارانێك کە هەمیشە لە ژیان ناچێت..

**دێت و بەرئەبێتە خەونی زیباکان..**

**بارانێك وەك هەموو دڵەكان ..رەق .. رەق .. رەق...**